# لەڕوداوێکی سەختی هاتوچۆدا لەخانەقین سێ کەس گیانیان لەدەستدا



لەڕوداوێکی هاتوچۆدا لەسەر ڕێگەی خانەقین-جەلەولا، سێ کەس گیانیان لەدەستداو حەوت کەسی دیکەش بریندار بون.

روداوەکە، ئەمشەو پێنجشەممە، لەناوان دو ئۆتۆمبێلدا لەنزیك گوندی "ناودومان" لەدەروازەی خانەقین ڕوی جەلەولا رویداوە.

بەگوێرەی زانیارییەکان لەڕوداوەکەدا، ژن و پیاوێك و منداڵێکی تەمەن 10 ساڵان گیانیان لەدەستداوەو حەوت کەسی دیکەش بریندار بون.

تەرمی ئەو سێ کەسەی گیانیان لەدەستداوە گواستراوەتەوە بۆ بەشی پزیشکی دادی لەخانەقین و هەروەها بریندارەکانیش گواستراونەتەوە بۆ نزیکترین نەخۆشخانەو دەست بەلێکۆڵینەوە لەڕوداوەکەش کراوە.